# سێ سەردەم و دەستنووسێک

گۆران سەمەد

بۆچی سینەما/ فیلم هەنووکە مشتومڕی بەپێز و دەوڵەمەندی لە بارەوە دەکرێت؟ ئایا سەیرکردنی فیلم، کات بەفیڕۆ دەدات؟

سینەما لە چرکەساتی ئازاری ژانی لەدایکبوونیەوە، تاوەک ئێستەشی لەگەڵدابێت، جۆرێک لە جادووی لەخۆدا هەڵگرتووە، جادوویەک ڕۆژ بەڕۆژ بینەرێک، یان دەیان بینەر بۆ خۆی گل دەداتەوە. دەشێ بگوترێت سینەما ئەو فەزا خۆڕسکەیە بە تۆمارکردنی هەر فیلمێکی نوێ، ئاپۆڕایەکی تر لە بینەر/خەڵک بۆخۆی جەم دەکات. سینەما چ وەک وێنە، چ وەک دەنگ؛ جۆرێک لە هێزی کێشکردنی تێدایە، کە دەکارێت شوێنی بوارەکانی تر بگرێتەوە. تەنانەت دەوری کارتێکاری هەیە لە ئێستادا، بە شێوەیەک توانیویەتی و دەکارێت بەشی زۆری ژانرەکانی تر، لە خۆیدا کۆبکاتەوە و خۆیشی، وەک ناوەند بمێنێتەوە و پارێزگاریش لەو ناوەندبوونەی بکات.

ئەگەر سەیر بکەین، کەم بوار هەیە لە ناو خودی


Bradley Cooper
Jeremy Irons
Dennis Quaid
Olivia Wilde
and Zoë Saldana
THE WORDS

سیناریۆکان، کە بۆ فیلم ئامادە دەکرێن، جێی بۆ نەکرابێتەوە، وەک (سیاسەت، ئەدەب، هونەر، مێژوو و تەکنەلۆژیا، .. تاد،) ئەمە جگە لە بەکارهێنانی کۆمەڵێک ڕووداوی ناواقیعیی، کە خەیاڵ کۆمەکیان دەکات.

لەو دەمەی سینەما هاتووەتە کایەوە، بێ بینەر نەبووە و هەر تەنیا بینـــەری سادەشـــی نەبـــووە، بەڵکو خەڵکێکی ئەوینـــداری بۆ خۆی بەرهەم هێناوە، بە جۆرێک، کە هۆڵەکانی سینەما بۆیان، دنیایەکی دڵڕفێـــن و نـــاوازە بووە، لە ســـەتەی ڕابردوو و ئێستاشـــدا. ئەمەش تەنیا بۆ خەڵکی ئاســـایی دروســـت نییە، بەڵکو بۆ نووسەران و ئەو کەسانەش ڕەوایە، کە لە کایەی هەمەجۆر دان.

جی دی سالنجەر، نووسەری ڕۆمانی (پاسەوانێک لە مەزرا ( ڕەنگە نەکەوینە هەڵەوە، ئەگەر بڵێین: ئەو قەرزداری سینەمایە و قەرزێکی زۆری لە ئەســـتۆ دایە. لەگەڵ ئەوەی ســـالنجەر لەو ڕۆمانەدا لەسەر زاری (هۆڵدن کاوڵفێڵد)ی کارەکتەر دەڵێت: "ئەگەر شـــتێک هەبێت ڕقم لێی بێت، ئەوە فیلمی ســـینەماییە، ناوی هەر مەبە لای من."١ وەلێ هێشتانەکینێش ئەوە تێنوویەتیمان ناشکێنێت، چونکە خودی ڕۆمانەکە تەژییە لە دیمەن، دیالۆگ و ڕووداوی فیلم ئاسا. تەنانەت لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکەشدا بەر سینەما، وەک ناو دەکەوین.

لە لایەکی تر، ســـینەما خزمەتێکی ئێجگار مەزنی بۆ زۆربەی گەلان هەبـــووە، هەم وەک نیشـــاندانی کولتـــوور و جیاوازیـــی نەتەوەکان، هەمیـــش وەک نیشـــاندانی ئەو بەشـــمەینەتییانەی، کە بەســـەریاندا هاتووە. ئەمە وێڕای ئەوەی سینەما هۆکارێکی بەهێز بووە، بۆ زیاتر ناســـاندی ئـــەو بابەتانەی، کـــە بۆ زۆربەی کۆمەڵگـــەکان بە تایبەت وڵاتانی جیهانی ســـێهەم نامۆ بـــوون، یان وەک کوفر و تابۆ چاویان لێکراوە و لێدەکرێـــت، لەوانەش نێرەموک و هاوڕەگەزبازەکان، وەک فیلمـــی (moonlight-xxy-blue is the warmest color the Danish girl).

## ● فیلم و ئەدەب

ئەستەمە بژمێردرێن ئەو ڕۆمان و چیرۆکانەی کراون بە فیلم، کە هەڵقولاوی کۆمەڵگە بوون لە بارەی سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابووریی خێزان و تاکەکان، بەتایبەی لە سەتەی نۆزدە و بیستەمدا. (مادام بۆڤاری، تاوان و سزا، ئاناکارنینا، زۆربا) ئەمانە نموونەی بەرچاوی ڕۆمانن، کە کراون بە فیلم. ئەگەر لە گۆشەیەکی ترەوە لێی بڕوانین، دەبینین هەمیشە ئەدیبان بینەر و خوێنەری سینەما بوون، گەلێک جار لەسەر سینەما دواون؛ وتەکەی سالنجەر لەم ساتەشدا کۆمەکمان دەکات. لێرەش لەنێو نووسەرانی ئەدەب، ئەم ئەزموونە بەدی دەکەین، کە جارجارە ئەدیبێک قسان دەربارەی فیلمێک دەکات. بۆیە گومان هەڵناگرێت فیلم و ئەدەب، دوو تەواوکار، دوو دنیای کاریگەر و کارتێکارن بۆ یەکتر. دەشکرێت ئێمە لێرەدا ڕووداوەکانی هۆلۆکۆست وەبیر خۆمان بێنینەوە، کە چۆن بە شێوەیەکی هاوتەریب لە ئەدەب و سینەمادا هەن و زۆربەی ڕووداوەکانیان کراون بە ڕۆمان و چیرۆک، پشتی ئەوە کراون بە فیلم و لە سینەماکانی جیهانیشدا نمایش کراون. تەنانەت پەلی هاویشتووەتە ناو شانۆ، وەک دادگەییکردنی تاوانبارانی هۆلۆکۆست.

## ● فیلمی وشەکان (the words)

چیرۆکی فیلمەکە، باس لە ونبوونی دەستنووسی نووسەرێک دەکات، کە بەڕێکەوت ژنی نووسەرێکی تری سەرنەکەوتوو، لە دوکانی کۆنەفرۆشییەک، جانتایەک بە دیاری بۆ هاوسەرەکەی دەکڕێت. نووسەرە سەرنەکوتووەکە، کە لەبەر خراپی نووسینەکانی چەند جارێک لە دەزگەی چاپدا وەڵامی نەخێری وەرگرتووە، لە شەوێکی درەنگدا، سەیری دیاری خێزانەکەی دەکات، کە جانتاکەیە، گیرفانەکانی دەنۆڕێت و لەدەمی دەستخستنە نێو گیرفانێکی جانتاکە، هەندێک کاخەزی دەستنووس، دەهێنێتە دەرەوە. بە خاوییەکی زۆرەوە چاویان لێدەکات و هێواش هێواش، دەستدەکات

بە خوێندنەوەیان و دەبینێ نووسـینێکی بەپێزە و ناتوانێ دەسـتی لێهەڵبگرێت، وەلێ ناوی نووسەرەکەی لەسەر نییە. بۆیە قەرار دەدات لەبەردەمی شاشەی کۆمپیوتەرەکەی، ڕووبنیشێ و ئەو دەستنووسە پیتچنین بکاتەوە.
لەگـەڵ سـەردەرهێنانی خـۆر، ڕۆژێکی نوێ دەسـتی پێکرد، وەک هەمیشـە ژنـی نووسـەرە سـەرنەکەتووەکە، دواجـار بەهـۆی ئەو دەستنووسـەوە، کـە هێشـتا ژنەکەی لێـی بێئاگایـە، ناوبانگێکی بێئەندازە بەدەسـت دێنێت، تەنانەت ئەو نووسینانەشـی لە بازاڕدا پارە دەکەن، کە کاتی خۆی نەخێریان وەرگرتبوو. لە خەو ڕادەبێت و دەبینێت هاوسەرەکەی لەژێر جێگەکەی نییە و لای کۆمپیوتەرەکە، سەر لەسەر مێز خەوتووە.
گەرچـی لە فەرهەنگی ئەواندا نییە، کە کەسـەکان سـەیری شـتە تایبەتەکانی هاوسـەریان بکـەن، وەلێ ئەو بەیانییە وا ڕێکدەکەوێت ژنە سـەیری کاغـەزەکان بـکات، بۆچـی بەهۆیـەوە پیاوەکەی لە شوێنی خۆی نەخەوتووە! لاپەڕەیەک هەڵدەداتەوە، لاپەڕەیەکی تر، دیسانەکینێ لاپەڕەیەکی تر هەڵدەداتەوە، ژنە تووشی سەرسووڕمان دەبێت، ئاخر هەمیشە هاوسەری بەهۆی خراپی نووسینەوە، جۆرێک لە خەمۆکی بەرۆکی گرتووە، ئەی ئەم دەقە ناوازەیە چییە!
ئارام دەگرێ و هیچ ناڵێت، تا سـاتی ژەمی بەیانی، وەک هەمیشـە پیاوەکـە لە ناخـەوە بەدەسـت خەمۆکییەکی کوشـندە دەناڵێنێ. ژنەکەی لە دەسـپێکدا ماچێکی دەکات، پاشان دەڵێت: ببوورە، کە بێئاگایی تۆ چاوم لەو نووسـینەت کرد، کە دوێنێ شـەو بەدیاریەوە ئێشکگیر بوویت.
نووسەری گەنج دەیەوێت بۆی ڕوون بکاتەوە، کە ئەوە هی ئەو نییە، بەڵکـو لەنێـو ئەو جانتایە بووە، کە ئـەو لە پاریس بە دیاریی بۆی کڕیوە. لێ هەوڵەکەی بێئەنجام دەبێت. ژنەکە، پەنجە دەنێتە سەر دەمی و دەرفەتی پێنادات یەک پیتیش گۆ بکات. پێی دەڵێت: ئیتر ئەمە ئەو دەقەیە، کە تۆی نووسـەر دەبوو بینووسـی، ئێستا کاتی ئەوەیە ئەمە بە چاپ بگەینی. هانی هاوسـەرەکەی دەدات بیبات بۆ

چاپ. بەڵام نووسەرەکە ئامادە نییە. چونکێ لەوە بەئاگایە، کە ئەو نووسینە هی خۆی نییە.
فەترەیـەک لەم دۆخەدا دەمێنێتەوە. پاشـان ژنەکەی پێی دەڵێت: دەرک بەوە دەکەم، وەک هەمیشـە ترسـت هەیە، بەس هەر نەبێت بـڕۆ نیشـانی دەزگەی چاپـی بدە، دڵنیام ئەوەیـان بە دڵ دەبێت.
دواجار نووسـەرە سـەرنەکەتووەکە ئەوە دەکات، کە ژنە پێشنیاری بۆ کرد. دەڕوات و نیشـانی چاپخانەیەکی دەدات، خاوەنی دەزگەکە پێی دەڵێت: هیوادارم ئەوەشت وەک ئەوانی تر نەبێت و کاتمان بە فیڕۆ نەدەیت.
نووسەرکە، ئەگەر چی لە بارودۆخێکی بێئەندازە ناجێگیرە و قەلەقە، بە ترس و دوودڵییەکەوە پێی دەڵێت: خەمت نەبێت، ئەو نووسینەم جیایە و ئەرخەیان بە، کە بە دڵت دەبێت.
چەنـد ڕۆژ دواتـر دەزگـەی چاپ هاوشـێوەی ژنی نووسـەرەکە بە سەرسـامییەوە تەلەفـۆن بۆ نووسـەرە سـەرنەکەوتووەکە دەکەن و نووسـەر باگـۆی دەداتـەوە، پێـی دەڵێت: کە بەڕاسـتی ئەوەی نووسیویەتی زۆر ناوازەیە و بە باشترین شێوەش بڵاوی دەکەنەوە و ڕیکلامی بۆ دەکەن. بەڵام بەو جۆری، کە پێشبینی دەکرا نووسەرەکە دڵی بەو قسـانە خۆش نەبوو. پشـتی ئەو ماوە سـەختە نووسەرە سەرنەکەتووهکە؛ سەرکەوتوو بوو و ناوبانگی گەورەی بەدەست هێنا و هەموو کتێبەکانی تری بۆ چاپ دەکرێن و لێی دەفرۆشرێن.
گێڕانـەوەی فیلمەکە لە سـێ سـەردەمی جیـاوازدا دەبێت و خاو و خلیسک ڕێناکات، بەڵکو هەر سێ سەردەمەکە، پڕیەتی لە ڕووداو: لـە دەسـتپێکدا گێـڕەڕەوە ئـەو باسـەمان بـۆ دەگێڕێتـەوە، کە بەسـراوەتەوە بە چارەنووسی ونبوونی دەستنووسی نووسەرێکەوە. لەگەڵ کڕینی جانتاکە لە لایەن ژنی نووسـەرە گەنجەکە سـەردەمی دووەم دەست پێدەکات.
گێڕەڕەوە، ناوەناوە ڕێسـتێک وەردەگرێ و دووبارە دەسـتدەکاتەوە بە گێڕانەوەی ڕووداوەکان، لە نێو هۆڵەکەشـدا بە دیاریکراویی کچە لاوێکی شـۆخ و شـەنگ سـەرنجی گێڕەڕەوە بۆ خۆی ڕادەکێشێ و

لە دەمی پشووشـــدا هەمیشـــە ســـەرەنجی دەدات و پرسیاریشی لێ دەکات.
ئەوەی هیچ کەس پێشـــبینی ڕوودانی ناکات، چ وەک بینەری فیلم، یان وەک گوێگرانی ناو هۆڵەکە. تەنانەت ژنی نووسەرکەش، ئەویش ســـەردەمی ســـێیەمی فیلمەکەیە، کە لەگەڵ دەرکەوتنی نووســـەری ڕاستەقینەی دەستنووسەکە، دەست پێ دەکات. کاتێک لە پارکێک نووســـەرە گەنجەکە لەســـەر کورســـیەک دانیشـــتووە بیر لە هەمان خەمۆکی ناواخنی دەکاتەوە، پیرە پیاوێکی گوڵفرۆشـــی مووسپیی، بە گۆچانەوە ڕووخسەتی ڕوونیشتنی لێوەردەگرێت و قسە دەکەوێتە نێوانیان.
چێژی فیلمەکە لەم چرکە ساتەوە دەست پێدەکات، کە من نامەوێ لێـــرەدا تەواوی فیلمەکە بگێڕمەوە. ســـەردەمی ســـێییەمی فیلمەکە باسکردنە لە قۆناغی ژیانی گەنجی نووسەری ڕاستەقینە و چۆنیەتی گومکردنی دەستنووسەکە. لەگەڵ چیرۆکە پڕ ئازارە ئەویندارییەکەی.

## ● پەیامی فیلمەکە

ئەوەی لەو فیلمەدا بۆ ئەدەب و مرۆڤ گرینگە، پرســـی درۆنەکردنە لەگەڵ خۆت، وەک مرۆڤ، هاوکات بابەتی ویژدانیش لەم فیلمە دێت و بەرۆکمـــان دەگرێت بەوەی ڕێگـــە نەدەین ئەوەی هی خۆمان نییە بە هی خۆمانی بزانین بەبێ ئەوەی ئەستەمییەکمان بۆی کێشابێت. ڕینـــێ دێکارت لـــە نامەیەک، کە بـــۆ ئەلیزابێتی نووســـیوە، ئەوەی خواستی پتەو و جێگیر هەبێت و ئەقڵی خۆی ئەوەنی پێی دەکرێت بەباشـــی بەکاری بهێنێت، ئەو شتەی بەچاکی دەزانێت بیکات.. ئەو کـــەس کەســـێکی ژیر و دانایە ٢. پرســـیارەکە لێـــرەدا ئەوەیە، ئاخۆ نووسەری گەنج ئەو خواستە پتەوەی هەبووە لە بنەڕەتدا؟ بێگومان نەخێر.
چونکە هەر کەسێک کاتێک خواســـتێکی دەبێت، دەبێت کۆشش و شـــەونخوونی بێپایەنـــی بۆ بکات تاوەک پێی بـــگات، وەلێ دەکرێت بڵێیـــن: ئەوەمان لە نووســـەرە ســـاختەکە نەبینی، بـــەو پێیەی ئەو

ڕێگـەی بەخۆیدا نێوبانگ بە نووسـینی کەسـێکی تـر پەیدا بکات. ئەوەتانێ هەر دێکارتە پێمان دەڵێت: وا باشە مرۆڤ ماوەیەکی درێژ پێڕەوەی لەسەر ئەو ڕێگە یە بکات، کە مرۆڤ دەگەیەنێت بە ژیری و دانایی.٣

لـەم فیلمـە وانەیەکی گرینگ بـەدی دەکرێت، کە بینـەر دەکارێت سـوودی لێببینێت، ئەمیش بابەتی دزی ئەدەبییە، وەک نووسـین، بیر، زۆرجار وێنە و وەسفیشی تێدەکەوێت، ئەم فیلمە وامان لێدەکات وریـا بیـن لەوەی توانای ئێمە چەنـدە و دەبێت چ ڕێگەیەک بگرینە بەر بۆ باشترکردنی خۆمان و ڕووناککردنەوەی ڕێگەمان، نەوەک پەنا بەرینـە بەر لاسـاییکردنەوە و دزینی دەقـی ئەوانی تر. بۆیە فیلمی وشەکان، پێمان دەڵێت: دوور بن لە لاساییکردنەوە و دزیی، بەڵکو گەرەکە بکەوینە کار بۆ دۆزینەوەی ڕێگەی ڕاستی خۆمان.

ئەوەی خۆشەویسـتی بۆ سـینەما هەبوو بێت و سـەروکاری لەگەڵ ئەدەبـدا هەبێـت، ڕەنگە ئـەو فیلمە بۆی چێژبەخـش بێت، چونکە دیمەنەکانـی سـەردەمی سـێیەمی فیلمەکە، کە باسـی نووسـەرە ڕاستەقینەکە دەکات، دەبینین پیرەمێردەکە لە کۆتاییەکانی تەمەنی دایە و (گوڵ) دەفرۆشـێت. ئەوەندە جـوان ڕووداوەکانی ڕابردووی دەگێڕێتەوە و دەست بەسەر پەڕی گوڵەکان دادێنێت، مرۆڤ سەیری لێدێت، کە کەسێک هەیە ئەوەندە ئارام ژیان بەڕێ دەکات.

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە: داخۆ بۆچی نووسەری سیناریۆیەکە، ئەو نووسەرەی نەکرد بە بکوژی نووسەرە گەنجەکە، لە کاتێکدا بە پێی یاساش دەیتوانی سزای بدات. بۆچی نووسەری ڕاستەقینەی خاوەن دەستنووسەکە، دەکات بە گوڵفرۆش و نایکات بە بکوژ؟ دەبێت گوڵ چ نهێنییەکی لەخۆیدا حەشار دابێت!

هەمـوو ئـەو ڕووداوانـە گێڕەڕەوەی نـاو هۆڵەکـە دەیانگێڕێتەوە و فیلمەکە دێتەوە سـەردەمی یەکەم، کچە قەشەنگەکە، ورد گوێی بۆ مامۆستایەکە شل کردووە و بەیەکەوە پێکێک هەڵدەدەن.

کـۆی ڕووداوەکانـی نێو ئەم فیلمـە، گرینگی خۆی هەیـە، لە هەر گۆشەیەکەوە بۆی بڕۆیت، شایەنی لەبارەوە گوتنە. لە فیلمی وشەکان

بەر دابڕانێکی جوان و پڕ ئازاری ئەوینداریی دەکەوین؛ یەکێک لە دیمەنە تراژیدیی و قەشەنگەکانی ئەو فیلمە، جیابوونەوەی نووسەری ڕاستەقینەیە لەگەڵ ژنەکەی، هاوکات توورەبوونی ژنی نووسەرە ساختەکەیە لە هاوسەرەکەی و جیابوونەوەی گێڕەڕەوە، لەگەڵ کچە شۆخەکە، کە لەوە دەچێت وانەبێژی زانستگە، مەیلی لەوە بووبێت هەمان چارەنووسی چیرۆکەکە دووبارە بکاتەوە.
لە دەرەنجامی نووسین دەربارەی ئەم فیلمە، گرینگە بگوترێت: ئەم فیلمە ئەوەمان پێدەڵێت، کە هەمیشە ئەوانەی پێڕەوەی لە خوێندنەوە و کتێب دەکەن، خاوەنی ڕووحێکی مرۆڤدۆستانەن و ژیان بە خۆشەویستیەوە دەبینن. هەروەها ئەوە هەڵدێنجین، کە ئەبەد لازم نییە، بۆ سەندنەوەی مافت، هەمیشە پەنا بەرینە بەر ڕێگەی توندوتیژیی. فیلمی (وشەکان) لەو فیلمانەیە لە بینیی هەست بە بێزاری ناکەین، بەڵکو بە تامەزرۆییەوە چاوەڕێی داهاتووی دەکەین و دەخوازین پتر بە دیاریەوە دابنیشین. فیلمەکە پێوەندی دەبەستێ لەگەڵ هەموو بینەرێک لە هەر ئاستێک بێت. بەتایبەت ئەوانەی سەروکاریان لەگەڵ نووسین و ئەدەبدا هەبێت.


**سەرچاوەکان:**

١- جی. دی. سالنجەر، پاسەوانێک لە مەزرا، و. ژوان جەلال، چاپی ٢، سلێمانی: چاپخانەی غەزەلنووس، ٢٠١٥، ل. ٨.

٢- دیکارت. رینێ، سێ تێکستی فەلسەفی، و. حەمید عەزیز، چاپی ١، هەولێر: چاپخانەی فێربوون، ٢٠١٦، ل. ٢٣٠.

٣- س. پ، ل. ٢٥٩.